نا بۆ بێسەروشوێنکردن, بەڵێ بۆ گەڕاندنەوەی ماف بۆ قوربانیان

ئەمڕۆ 30ی ئاب ڕۆژی بێسەروشوێنکراوانە لە جیهان, کوردستانیش هەرێمێکە لە وڵاتێك کە عێراقە یەکێکە لەو 80 وڵاتەی جیهان کە ژمارەیەك زۆر لە هاووڵاتیانی بێسەروشوێنکراون بەهۆکاری سیاسی, ئەم بەشە لە جیهاندا ژمارەیان بە 52250 کەس دیاریکراوە, کە ئەوانەن تۆمارکراون لە ناوەندە جیهانیەکان بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سوری جیهانی و هاوپەیمانی جیهانی دژ بە بێسەرو شوێنکردن و .... لە کاتێکدا تەنها ژمارەی بێسەرو شوێنکراوانی کوردستان لە قوربانیانی ئەنفال و بارزانی و فەیلی و ئێزیدی و ...چەندین بەرابەری ئەو ژمارەیەیە, بە شێوەی گشتی ژمارەی بێسەروشوێنکراوان خۆی دەدات لە 50 ملیۆن هاووڵاتی لە جیهاندا, لە ناویشیاندا لە 30 وڵات زیندانی نهێنی هەیە, لەناویاندا لە عێراق بونی هەیە.

•بَسەروشوێنکردن تاوانێکی زەقی مافی مرۆڤ و یاسای نێو دەوڵەتی و جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤە, بە پێی پەیمانامەی ڕۆما دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە, کات و شوێن تاوانەکە بە زیندویی دەهێڵێتەوە , بنەماڵەی قوربانی مافی قەرەبوو و زانینی ڕاستیەکانیان هەیە. هیچ دەسەڵات و گروپێك مافی بێسەروشوێنکردنی هاووڵاتیانیان نییە, کە تاوانکار بە پێی یاسای نێودەوڵەتی نابێت لە سزا ڕزگاری بێت. بێسەرو شوێنکردن پێشێلی مافی یاسایی تاك,مافی ئازادی و ئاسایش, مافی ئەشکەنجە نەدان , مافی ژیان, مافی ناسنامە, مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە, مافی قەرەبوکردنەوە, مافی وتنی ڕاستیەکان, مافی ئابووری, کۆمەڵایەتی, ڕۆشنبیری, مافی ئاستی ژیان, مافی تەندروستی و فێربوون , مافی کەرامەت و داواڵێبوردنکردنی قوربانی هەیە...

لەم بۆنەیەدا وێڕای ئیدانەکردنی بوونی سەدان دیاردەی بێسەروشوێنکردن بەهۆی عەقیدەی سیاسیەوە لە باشوری کوردستان و دەیان هەزار لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن ڕژێمە دکتاتوریەکانی ناوچەکەوە, داواکارین :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستی ناوی بێسەروشوێنکراوان, هۆکاری

بێسەروشوێنکردن و هۆکاری مردن, شوێنی مردنیان بڵاو بکاتەوە, ئەوانەشی ماون ئازادیان بکات.

٢- شوێنی کۆکردنەوەی بێسەروشوێنکراوان بپارێزرێت و بۆ یاداوەری بێسەرو شوێنکراوان و دروست کردنی مۆنمێنتی یاداوەرییان

٣- بە یاسا بێسەروشوێنکردن لە کوردستان قەدەغە بکرێت.
٤- داوای لێبوردن لە بنەماڵەکانیان بکرێت و پەیمانی دوبارە نەکردنەوەی بدرێت.
٥- روفاتی قوربانییەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ کەسوکاریان.
٦- قەرەبووی ئابووری کەسوکاریان بکرێتەوە بۆ ماوەی رابردوو, ژیانێکی شەرافەتمەندانەیان بۆ دابین بکرێت لە روی دارایی و خوێندن و چارەسەری تەندروستی.
٧- مافی کەسوکاری بێسەروشوێنکراوانە هەموو راستییەکان لەسەر بێسەروشوێنکردنی رۆلەکانیان بزانن, تەواوی زانیارییەکانیان لە بەرواری بێسەروشیوێنکردنەوە بۆ ئاشکرا بکرێت.

٨- بە یاسا پارێز بەندی بۆ کەسوکاری قوربانیان, پارێزەرەکانیان, رێکخراوەکانیان دیاریبکرێت بۆ وتنی راستییەکان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان.
٩- پێویستە زیندانەکانی کوردستان سجلی هاتووان و دەرچوانی هەبێت, هیچ کەسێك لە دەرەوەی زیندانە فەرمییەکان زیندانی نەکرێن و زیندانی نهێنی وەك تاوان سەیر بکرێت.

رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید

Kurdistan without Genocide

30-8-2021